



**ڕاگەیاندن دەروازەیەکە بۆ ئاشکراکردن و نیشاندانی هەموو بەها جوانەکانی مرۆڤایەتی، وەبەپێچەوانەشەوە.**


بسم الله الرحمن الرحيم
Faez

فەتاح تەنیا

# ڕاگەیاندن
# لە ڕەهەندە جیاوازەکانەوە

کوردستان – چاپی یەکەم
٢٠٢٣

له بەڕێوەبەرایەتی گشتی
کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی
سپاردنی (٢٦٩٤) پێدراوە بۆ
ساڵی ٢٠٢٣.



منداڵی ڕۆشت نەمزانی چۆن گوزەرا

تەمەنی لاویشم بەرەو پیری هەڵکشا

شەیدای دیداری تۆم ئەی باوکی خۆم

بەئاهی ئەم دابڕانەت هەر خەمەخۆم

***پێشکەشە بە... ڕۆحی پاکی باوکم کەنازانم لە کام بستەخاکدا هەناسەکانی سپارد و لە ژێرئاسمانی چی شوێنێکدا چاوەکانی لێک نا، بۆ هەتاهەتایە بێ ماڵئاوایی و بێ ناونیشان بە جێیهێشتین کەچی ئەنفال بوو بە ناونیشان و پیناسەیان.***

## <u>ناسنامەی کتێب</u>

ناوی کتێب: ڕاگەیاندن لە ڕەهەندەجیاوازەکانەوە

نووسینی: فەتاح تەنیا

بابەت: میدیا

نۆبەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٣

چاپخانە: چوارچرا، سلێمانی.

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان، ژمارەی سپاردنی (٢٦٩٤) پێدراوە بۆ ساڵی ٢٠٢٣/ گەرمیان


ئەم کتێبە مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە

# ناوەڕۆك


| ز | باسەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | دەستپێك | ٨ |
| ٢ | پەروەردەی میدیا | ١٠ |
| ٣ | ئیتیکی و بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنووسی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا | ٢١ |
| ٤ | کۆمۆنیکەیشن | ٣٣ |
| ٥ | پەیوەندیی گشتی چەمك و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی | ٤٥ |
| ٦ | مۆدێلی پەیوەندی لای دیڤدبرلۆ | ٥٣ |
| ٧ | کۆمۆنیکەیشنی بیستراو ڕادیۆی دەنگ بە نموونە | ٥٩ |
| ٨ | میدیای نێودەوڵەتی دامەزراوەی ناشناڵ جوگرافی بە نموونە | ٦٣ |
| ٩ | تایبەتمەندییەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووك | ٦٧ |
| ١٠ | سڕینەوەی واتس ئاپ و بێ متمانەیی بەکارهێنەر | ٧٩ |
| ١١ | گۆڤاری هاوار لە هەناوی ڕۆژنامەوانی کوردیدا | ٨٣ |
| ١٢ | ناساندنی گۆڤاری کاروان | ٨٩ |
| ١٣ | سۆشیال میدیا (تۆڕی ئەنتەرنێت) | ٩٧ |
| ١٤ | زمان و هۆکارەکانی گەیاندن | ١٠٣ |
| ١٥ | کاریگەریی میدیا لەسەر تاک و کۆمەڵگەی کوردی | ١١١ |
| ١٦ | کاریگەریی وێنە لە نێو میدیادا | ١١٦ |
| ١٧ | جۆرەکانی وێنە لە میدیادا | ١٢١ |
| ١٨ | سەرهەڵدانی ڕادیۆ و چەمك و جۆرەکانی لە جیهاندا | ١٢٥ |
| ١٩ | میدیای کورد و جەنگی دەروونی داعش | ١٣٣ |
| ٢٠ | ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە جەنگی دەروونیدا | ١٤١ |
| ٢١ | ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە دروستکردنی ڕای گشتییدا | ١٤٧ |
| ٢٢ | ڕەنگدانەوەی سایکۆلۆجیای تاك لە سۆشیال میدیادا | ١٥٥ |
| ٢٣ | میدیای نوێ (میدیای دیجیتاڵی) | ١٦٣ |
| ٢٤ | ڕۆژنامەگەری هاووڵاتی لە ئێستا و ئایندەدا بەرەوکوێ؟ | ١٧٧ |

**دەستپێك:**

دەستپێکردن و نووسین لە بواری ڕاگەیاندندا هەر وا کارێکی سانا و سادەنییە، چونکە ڕاگەیاندن بە کلیلی کردنەوەی نهێنییەکان و پیشاندانی دادەنرێت، ئەم کتێبەش ئەزموونی قۆناغێکی نوێیە لە بواری ڕاگەیاندندا، بۆیە ئامانج لەم کارە ئەوەیە خزمەتێك بە خوێنەر و فێرخوازانی ئەم بوارە بکەین، هەر بەو نییەتەوە دەستمان پێکرد و ئەم کتێبەی لێ بەرهەم هات.

ئەم کتێبە باس لە ڕاگەیاندن لە ڕەهەندەجیاوازەکانەوە دەکات دوای ئەوەی ئامرازە مۆدێرنەکانی پەیوەندیکردن چوونەتە ناو هەموو ماڵێکەوە، و دوای ئەوەی جیهان بووەتە گوندێکی بچووک کە بیرۆکە و داب و نەریت و ڕەفتار و نەریتەکانی تێدا دەگوازرێنەوە. لەو وڵاتانەوە کە کۆنترۆڵی میدیا دەکەن تا دەگاتە ئەو وڵاتانەی کە میدیا بەکاردەهێنن. دوای ئەوەی میدیای زیانبەخش و ساختە و بازرگانی لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بڵاوبووەتەوە، هەروەها دوای ئەوەی ڕاگەیاندن کاریگەری زۆر زیانبەخشی هەیە، بەتایبەتی لەسەر تاکەکان کە شەو و ڕۆژ بەر ڕاگەیاندنی نەرێنی و ڕاگەیاندنی ئاڕاستەکراو دەکەون بە ئامانجی چەواشەکردنیان و تاڵانکردنیان لە ناسنامە و نیشتمان و نەتەوەکەیان. ئەم کتێبە ئامانجی هۆشیارکردنەوەی خوێنەرە لەسەر چۆنیەتی کارکردنی میدیا و ڕێگاکانی و باشترین سوودوەرگرتن لە میدیا. بەجۆرێک کە ئەم ئامرازانە بۆ نیشتمان و میللەت بەسوود بن، نەک واتای بڵاوکردنەوەی دووبەرەکی و ناتەبایی لە نێوان خەڵکی یەک نەتەوەدا و بڵاوکردنەوەی خراپەکاری و پەرەپێدانی توندوتیژی. ئەم کتێبە باس لە زۆر بابەتی ڕاگەیاندن دەکات.

لەڕووی چەمکی پەیوەندی و جۆر و فۆرمەکانی و گرنگی پەیوەندیکردن، بەتایبەتی پەیوەندییە جەماوەرییەکان لە نێو سۆشیال میدیا، کە لەگەڵ سەرهەڵدانی مانگە دەستکردەکان و ئینتەرنێتدا بڵاوبووەتەوە و بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە ژیانی تاک.

ئەم کتێبە لەکاتێکدایە کە پێویستمان بە تێفکرین لە میکانیزمی کاری ڕاگەیاندن هەیە، هەروەها لە کاتێکدا وڵاتە گەورەکان کۆنترۆڵی ئەو ئامرازانە دەکەن و ئاراستەیان دەکەن بەو ئاراستەیەی خۆیان دەیانەوێت و بەکاریان دەهێنن لە پێناو بڵاوکردنەوەی شارستانییەت و بیرۆکەکانیان و شەڕکردن لەگەڵ بیرۆکەی ئەوانی تر بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم، یان وڵاتانی دەستڕۆیشتوو کە دەستیان کردووە بە بەکارهێنانی میدیا بۆ بەرژەوەندی خۆیان.

ئەم کتیبە هەنگاوێکی نوێ بوو لە بواری راگەیاندندا ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە سەر ڕاگەیاندن لە ڕەهەندەجیاوازەکانەوە، بۆیە بیرم لەوە دەکردەوە هەموو بابەتەکان کۆبکەمەوە و لە چوارچێوەی کتێبێکدا چاپی بکەم.

فەتاح تەنیا

هاوینی ٢٠٢٣ ڕزگاری